# "شانشینی نێرگەل"

*لەم ڕۆژانەدا کە خەریکە پیرە پایز بە سستی و بەدەم گەڵاڕێزانی خەونەکانی ئێمەوە بە میوانی بگاتە بەر دەرگای ماڵەکانمان، ژمارەیەک لە سیاسەتبازەکانی ئێمە بەهاریان گەیاندۆتە سەر چۆکان، بگرە سەر دڵانیش، باس و خواسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی گەرمترین  باس و خواسی خەڵکییە، بە هەر دوو بەرەی کە گومانکارن و بەوانەشی هاوسۆزن کە مافی هەر کەسێکە چۆن ڕووداوەکان شی دەکاتەوە و کام هەڵویست بۆ خۆی بە جوان و راست دەزانێت، بەڵام بۆ خۆی هوشیاری لەمەڕ تێگەیشتن لە ڕەسەنبوونی هێنانادی ئەو خەونانە یان گەمەی چەپەڵ و چەواشەکارانەی چەد دەستە و تاقمێکی مافیایی سەنگی مەحەکە بۆ یەکلاییکردنەوەی درۆ لە راستی.

چەند کەسانێک کە ئاشنا و دۆست هەم  نەناسم پێیان لە نزیکەوە، ئاگاداریان کردوومەتەوە کە سەر بە حیزبی دەستەڵاتدار و دەرە-دەستەڵاتن کە خامۆشی من هۆکاری چییە؟ کە دەڵێم دۆست و نائاشنا، نەک وەک بیر و بۆچوونی فیکری و دیدگام بۆ کۆی ماجەرای ناو کوردستان، بەڵکو وەک ئەوەی هاوپۆل بووین و منداڵی من و ئەوان لە کوچە و کۆڵانە بەرتەنگەکانی شارۆچکە غەمینەکان بێجگە لە ونبوون لە ناو گەردەلوولدا هیچی دیکە نەبووە، هاوکات ئەدەبدۆست و خوێنەریشی تێدەکەوێت کە دەپرسن: بۆچی خامۆشم و رام چییە بە دەوڵەتی کوردی و ئایا من لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستان و ریفراندۆم هەم یان نیم؟ کە  بۆ من پرسیارێکی وا نادروستە وهەق نییە پرسیاری وا لە کۆنە جاشەکانی ناو کوردستانیش بکرێت کە بەشداری ئەنفال و  هەم راپەڕین بوون.

من وای دەبینم دەستەڵاتێکی فشۆڵ و بێ خێرو نەوتدزی ئەم خاکستەرە کە نەیتوانیوە پەرە بە مریشک و برنجی کوردی بدات، لە ماوەی بیست شەش ساڵی رابردوودا، چۆن زاتی ئەوە دەکەن باسی دەوڵەتی کوردی بکەن کە بە ملیارەهایان دزیوە و لە بانقەکانی سویسرا و سەنگافورا و وڵاتانی دیکەدا حەشار داوە، کە دیارە لە ڕێگەی پیاوە گرگنەکانی خۆیانەوە دەیشارنەوە و پارەی ڕەش سپی دەکەنەوە، هاوکاتیش مەملەکەتیان خستۆتە سەر لێواری دۆزەخێکی هەڵایساو بە ئاگرێک کە هەمووانی سووتاندووە بێجگە لە خۆیان کە خواهانە و شاهانە دەژین.

بۆ من کە هەموو تەمەنی خۆم لەوەدا چڕ کردۆتەوە کە گومان لە کۆی سیستمی رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی بکەم، گومان لە هەر سێ کایە و گۆڕەپانی ناو سیاسەت و ئایین و بزنس یان سەرمایەگوزاری بکەم، کە هەڵبەتە هەرسێکیان لە لایەن پیاوەکانەوە قۆرغ کراون کە من بە ڕۆحی ستەمکاری باوکسالاری و کەڵەگاسالاری دەزانم و بەرجەستەش بووە، کە بۆ من مایەی سەرسارمییە ئەو سەربەخۆیی و دەوڵەتداری و شانشینەی هەنووکە خەڵکی سەمای بۆ دەکەن، بڕێک لە خەڵکی کە بە ژمارە کەم نین، هیچ نییە بێجگە لە ڕۆحی ستەمکاری نێرینەی کورد کە هەموو خەون و خەیاڵەکانی هی نێرەوزە و بە زمانی پیاو و لە بەرژەوندی پیاودایە: لە مەیخانە و چایخانە و دیوەخانی سیاسەتبازەکان و مزگەوت و بگرە بازاڕەکانی و شەقەمەکانی هی پیاوەکانە.  بۆ من ئەم شانشینە گەورەترین زیندانی کچەکان و ژنەکانە دەنێو ئەو دۆزەخەی کە ناوی کوردستانە، بە کوردی و بە کورتی هەزار و یەکجار دەیڵێمەوە کە ئێرە مەملەکەتی نێرگەلێکە کە زۆرینەی کۆیلەن، تەنها شتێک کە کردوومانە ئێمەی کۆیلە توانیومانە دایکان و خوشکان و ژنەکان و کچەکانمان زیندانی بکەین، لەوەدا بۆ من نە کۆشک و نە کەلاوە جیاوازیان نیە.

لە سەر و بەندی رابوونی گەنجەکان لە ساڵی  دوو هەزار و نۆ-دا ژمارەیەک لە ڕۆشنیرانی کورد بانگەشەی گۆڕانکاری و شۆرشیان دەکرد کە گوایە نموونەی نەبووە بە درێژایی مێژووی کوردستاندا وەک بەرخودان و چالاکی نەوەیەکی تازە و راچەنیو، بەڵام من ئەوساش بە کۆمێنتێک بۆچوونی خۆم خستە ڕوو کە داخەکەم کە ئێوەش باسی  ماڵ و نیشتمانێک دەکەن کە بە تەنها هی پیاوە و بۆ پیاوە و ژنی تێدا نیە، ئەوەش سەیر نییە کە هەر

سێ ئایینەکەش باسی یەزدانێک دەکەن کە هەر هەموو ڕێنماییەکانی لە بەرژەوەندی نێرگەلدایە، بگرە لە ئیبراهیم –ەوە کە باوکی هەر سێ پەیامبەرەکەیە نوقمە لە نێرسالاری، سیاسەت بەو مەرج و بەڵێنە دێتە پێشەوە کە گوایە جێگە بە باوکسالاری ناو ئایینەکان لەق بکات، کەچی بە هەر هەموو حیزبە ڕاستڕەو و چەپڕەوەکانەوە لە لایەن پیاوانەوە قۆرغ کراون، بە واتا سیاسەتبازەکانیش بە هەمان میکانیزمی نوقمبوو بە ڕۆحی باوکاسالاری/ کەڵەگاسالاری کار دەکەن.

دیسانەوە تا هەنووکەش دەنێو دونیا و کایەی ئایین و سیاسەت و سەرمایەگوزاری و بگرە پەروەردەش هەر نێرەوز خاوەنی هەر هەموو یاسا و ڕێساکانی ئاسمانی و سەرزەمینییەکانە، لە ڕۆژئاوا و ڕەشهەڵاتدا، بۆیە عیساییەکان کە گوایە میانڕەو بوون بە بەراورد لەتەک مووسایی و موحەمەدییان، خودا تیایدا باوکە نەک دایک، عیسا-ش کوڕە و ڕۆحی پیرۆزیش پردی نێوان هەردووکیانە، لە کاتێکدا مریەمی دایک و پاکیزە بە فووی یان پەرجووی یەزدان ئاوس بووە نەک بە جووتبوون دەگەڵ جوامێرێکی سەرزەمین، بە واتا لە بری ئەو هەموو خوداوەندەی هەبوون کە زادەی سروشت خۆی بوون ، ترس لە باوکەکان درێژە دەبێتەوە بۆ ترس لە خودایەک کە لەسەر زەمینەوە بۆ ئاسمان دەیگوێزینەوە کە ڕێک وەکو باوکەکانی ئێمە بە سیستمی سزا و پاداشت دەگەڵ ئێمەدا کار دەکات، هەر هەموو ژیانیش دەبێت بە تاقیکردنەوەی هەمیشەیی و هێزتەکێن و پرزە لێبڕین.

دەی کە من گومانم لە ڕۆژئاوا هەبێت کە هێشتا مەملەکەتی نێرەوزە، ماقووڵە کەیفم بەو هەلەکەسمایە بێت کە من بۆنی شیوەنی لێدەکەم نەک شایی؟ مەحاڵە..!

هەر ژن و پیاوێک گەردیلەیەک ڕەوشتی هەبێت و مرۆڤدۆست بێت، کەمەکێ فامیدە بێت دەزانێت ئەوەی دەگوزەرێت قوماربازی پیاوەکانە کە سەرمایەگوزاری و بێرەوشتی و وڵاتفرۆشی و بزنس و دروشمی درۆیان کردووە بە کۆکتێلێک کە نە یەزدان و نە شەیتانی برام دەتوانێت تامی بکات.. بێجگە لە خۆیان ک بەرژەوەندی و سوودی خۆیان لە سەرووی چارەنووسی میللەتەوە دەبینن، هاوکات ژەهری مار و ژەقنەبووت و مەرگەمووش وەک شەرابی تەهوور و مسک و عەنبەر و بەڵێن و خەونی عەمبارەپۆ و ئاوی زیندەگانی بە ڕەشەخەڵکەکەی دەفرۆشنەوە... ئەوەی دەگوزەرێت بۆ من هیچ نییە بێجگە لە سەردەستەیی کۆمەڵێک نێرەوزی سیاسەتبازی سەرسەری ئاخیرزەمان.

ئەو گوتارە زاڵەی من گوێم لێ بووە لە ماوەی ئەو بیست و شەش ساڵەی ڕابردوودا ئاوازێکی زۆر ناهارمۆنی و میلۆدی نەشازی نێرگەڵێکە کە ماڵەکانی خۆیان وەک "حەرەم – سەرا" دەبینن، هاوکات وەک کەنیزەک و کارەکەر و کۆیلە ئاسا مامەڵە دەگەڵ دایکان و خوشکان و کچەکان و ژنەکانی خۆیاندا دەکەن.. من بۆ هەموو تەمەن گومانم لەو تەگە و بەران و کەڵەگایانە هەیە کە باس لە هەر شتێکی بەهادار یان جوانییەکی ساختە بکەن.. چونکە ئەوەی کە هیچی پێ نەبێت..ناتوانێت هیچ ببەخشێت.

گوتاری زاڵی پاتریارکی و دامەزراندنی کۆمەڵگای پیاوسالاری لە هەر دوو شارستانییەتی سەردەمی "یۆنان" و "ڕۆمان"ەوە لە بەرژەوەندی نێرینەدا بووە، بگرە لەو سەردەمانەدا و لە دوای سەرهەڵدانی هەر سێ ئایینە ئیبراهیم –ییەکەش کە بە ئاسمانی ناسراون بە یاسا و ڕێساکانی پیاوسالاری تۆخ کراونەتەوە و جێگیریان کردوون، بگرە وەها پیرۆز کران کە بواری گومانکردنی بۆ هیچ چەشنە بیر و بۆچوونێکی دیکەی ڕکابەر و جیاواز نەهێشتەوە، تا دەگەینە سەردەمی ڕۆشنگەری و ڕێنیسانس و ڕابوونی تازەگەری، گەرچی هەتاوەکو لەو ڕۆژگارەشدا کە باسی ئازادی و دادپەروەری کراوە پتر ڕووی لە سەردەستەیی نێرسالاری کردۆتەوە نەک بەرزکردنەوەی پێگەی نزمی خانمان.

لە قۆناغی ڕاووشکاری وشوانکارەیی و سەرهەڵدانی قۆناغی دەرەبەگی و شاهنشاهی و دواتر دەوڵەتداری ناسیۆنالستی هەر خودی پیاوەکان دەنێو خانەوادەکان و دەوڵەتداریدا خاوەنی هەموو شتەکان بوون کە تیایدا توخمی مێ بەشێک بووە لەو شتومەکانە نەک هاوشانی پیاوان بووبن لە ماف و دەستکەوتەکاندا. بە واتا هەموو دەزگا

رامیاری و ئابووری و كۆمەڵایەتی و ئایینییەكان لەژێر ركێفی نێرگەلێكدا بوون، هەروەها كۆی بەهاكان وسیستمی رەوشتپارێزی و مۆراڵ دەستكردی پیاوەكان بوون كە تاوەكو ئەمرۆكەش نەخش و نیگار و ماكی خۆی لەسەر كۆی شێوە ژیان و رێكخستنی پەیوەندی نارێكی پیاو بە ژنی زۆر لەنگ و خوار كردووە، هەر هەمووشی بە بەرژەوەندی نێرەوز كۆتایی هاتووە، سیستمێكە كە لەسەر دوژمنكاری رۆحی شەڕانگێزی بناغەی داكوتاوە، بگرە جەنگێكی بەردەوامی پیادە كردووە دژی ژنان كە ئەمڕۆكە ئەم گوتارە لەسەر زمانی ئاییندارە توندڕۆكانەوە وەك هەر سێ ژەمی رۆژانە لەسەر خوانێكی رازاوە پێشكەش دەكرێن، بە دەنگێكی دلێرەوە بانگەشە بۆ زیندانكردنی خانمان دەكەن دەنێو ماڵەكانی خۆیاندا، بە پاڵپشتی حیزبە دەستەڵاتدارەكان كە هەر هەموو پێداویستییەكانی بۆ فەراهەم كردوون كە لەوەتەی دورست بوون بانگەشەی نەتەوەپەرستی و خەونی درۆزنانەی سەربەخۆیی خاك و خەڵكی رادەگەێنن كە دیارە خۆشیان بەر لە هەمووان بروایان بەو دەهۆڵ و زوڕنایە نەبووە.

لە راستیدا رۆحی زاڵی پاتریاركی/باوكسالاری لە رۆژئاوادا بە بنەبڕی كۆتایی نەهاتووە، بەڵكو دەكرێت بوترێت كاڵ بۆتەوە و بە چەندین یاسا و رێسای میانڕەو لە بەرژوەندی ژناندا گەمارۆ دراوە، بەڵام كۆتایی پێهێنانی ستەم و نایەكسانی هێشتا خەونێكە و نەهاتۆتە دی، گەر كەسانێك ئاگایان لە ئەدەبیاتی فێمێنیستە رادیكالەكان بێت باشتر ئاگاداری ئەو گومان و ململانێ و پرسیارە سەرخۆرانە دەبن كە رەنج و تێكۆشانێكی زۆرتر و درێژتری گەرەكە بۆ گەیشتن بە یەكسانی و مرۆڤپەروەری. ئەوان بروایان وایە كە مەنزومەی فیكری باوكسالاری خۆی لە هەموو وردەكارییەكانی ژیان و زیندەگی هەڵقورتاندووە، بگرە داگیری كردووە. هاوكات گومان لە دەزگای خانەوادەگی دەكرێت بەوەی كە كارگەی یەكەمە بۆ پەرەپێدانی سەردەستەیی نێرینە و زاڵكردنی بەسەر مێینەدا كە دواتر لە هەر هەموو دەزگا رامیاری و ئابووری و كۆمەڵایەتی و ئایینی و پەروەردەیی و فەرهەنگییەكاندا رەنگی داوەتەوە.

دیارە رۆحی ستەمكاری پیاوسالاری لە "ڕەشهەلاتی ناوین"دا لە چڵەپۆپەدایە، ئێمەش دەنێو هەمان سیستمدا لە پێشەنگی ئەو كاروانەداین كە رووی لە هەڵدێران و پاشەكشێدایە لەسەر هەموو ئاستەكاندا، هەر لە سۆنگەی ئەو بێدادی و نایەكسانی و وەدەرنانی توخمی مێ لە كۆی پرۆسەی رامیاری و كۆمەڵایەتی و ئابووریدا كە لە ئاكامدا بە وەدەرنانی توخمی مێینەیە لە مێژوودا كۆتایی هاتووە، ناكرێت ئەوەندە گەمژە بین وا بزانین دەرد و ستەمی هەزارەها ساڵەی پاتریاركی ناو كایەكانی سیاسەت و سەرمایەگوزاری و ئایینی بە گەمەی سیاسەتبازە قومارچییەكان بنەبڕ دەبێت و ئەو هەموو شكستەی نێرگەلی تاڵانكەر و چەتەكانی سەدەی بیست و یەك و هەزارەی سێیەم وەها ئاسان بشاردرێتەوە كە بێجگە لە گەردەلوول و خۆڵباران بە مەبەستی خۆ ونكردن لە خەڵكی و تەپ و تۆزی شایلۆغانێكی درۆزنانە و فریودەرانە هیچی دیكە نییە كە بێگومانم لەوەی بەردەوام لە بوژانەوەدایە بۆ درێژەدان بە ستەم و فریودان..!

" شێرۆ-ی پلكە زارێ"